
























---




# كتێبەکانم

## بەشی سێیەم

## هادی عەلەوی 1932 ـ 1998

نووسین و ئامادەکردنی

**فــەهــد گــردەوانــی**

یەکێک لە ئەستێرە گەشەکانی نووسەرانی عارەب مامۆستا هادی عەلەوی یە...ئەو مرۆڤە هەردەم زیندووە ئێستاکە وا لەبەهەشتی خۆشی و کامەرانی ، لەباوەشی فریشتەکان دەحەسێتەوە بەبێ ئەوەی پەپوولەیەکی ئازار دابێ ، روحی خۆی تێکەڵاوی روحی تەصەوف کرد بوو...ئەوانەی خەون بەو فریشتانە دەبینن و وادەزانن بە کوشتنی مرۆڤ کۆستی روحیان بەو فریشتانە دادەمرکێنن ، ئەوانە مێشک ژەنگاوین ، ئەگەرنا بە دیالۆگ و زانیاری دەتوانن زۆر بە ئاسانی و خۆشی ، خەڵک بۆ لای خۆیان رابکێشن...مرۆڤ نابێ مرۆڤ بکوژێ و ئازاری بدات...مامۆستا هادی عەلەوی لە پێناوی خزمەتکردنی مرۆڤایەتی دەستی خستە سەر سینگی قەڵەم و بەو چەکە خزمەتی مرۆڤایەتی کرد ، کە هەتا مرۆڤ مابێت هەر ستایش دەکرێ و لە لای خوێنەر شوێنی تایبەتی خۆی دەبێت...ژیانی تازەی مرۆڤ و ژیانی کۆنی مرۆڤ هەر پەیوەنددار بووە بە ئایین ، هەر بۆ کوێ بچی ئایین باسی لێوە دەکرێ ، بەر لە ئایینەکانی ئاسمان( سەماوی)مرۆڤ ئایینی بۆ خۆی دابین کردبوو...کەواتە لێرە مەبەستمان تەنها ئایینی ئیسلام نیە ... جا گرنگ نیە تۆ ئیماندار بیت یا باوەرت بە ئایین نەبێت...هاتووچۆی جێگای عیبادەت بکەیت یا نەکەیت...تۆ کە لەدایک دەبیت ئەگەر داکوبابت موسڵمان بن دەبیە موسڵمان ، ئەگەر عیسایی بن دەبیە مەسیحی ، ئەگەر موسایی بن دەبیە

یەهود...ئەگەر یەزیدی بن دەبیە یەزیدی...ئەگەر هیندۆسی بن دەبیە هندۆسی...هتد ،بەڵام مرۆڤ مەرج نیە لەسەر هەمان ئایین بمێنیتەوە ، بەتایبەتی کە دەبیە هەژدە ساڵ تۆ حەقی خۆتە ئازادانە بیربکەیتەوە و ئەو ئاینە هەڵبژێری کە باوەڕ و بیری تۆ و دڵی تۆ پێی دەحەسێتەوە ، ئەگەرچی دەزانین ئایینی ئیسلام رێگانادات و ناوی لێنراوە(الرده ـ المرتد)ئەویش گوایە ئایاتی 217ی البقره و 65 الزمر و 85 آل عمران لە قورئان باسی لێوە دەکات ، فەرموودەی محەمەدیش هەیە کە دەڕێ {من بدل دينه فاقتلوه}...هەندێک لە مەسیحی دەبنە ئیسلام یان بە پێچەوانەوە...هەندەک لە مەسیحی دەبنە بودەیی...هتد ئەگەرچی مەرج نیە دایک یان باوک ئایینەکەی خۆی گۆڕیبی...هەتا ئەمڕۆ بەچاکی ئایین و ئایندار یان چاکترە بڵێم دین و دیندار{الدين و التدين}لێک نەدراوەتەوە، بگرە جارناجار تێکەڵاویش دەکرێت...ئەوانەی لەبارەی ئایین و دینداری شارەزان دەبێ روون بکەنەوە مرۆڤ دەکەویتە کامە جەمسەر... کتێبە ئاسمانیەکان ئەوانەی دەدرێنە پاڵ خودا ، جا تەورات و ئینجیل و قورئان دەگرێتەوە بەگشتی و ئەوانەی تر بە تایبەتی کە ناویان نراوە ئایین یان دین (الدين) ئەوا هەتا رۆژی قیامەت کە لەلای خوا وە هاتووە ئەوا نەگۆڕە ، واتە پیرۆزە و دەستی لێنادرێ ، بەڵام ئایندار یان دیندار (التدين) ئەو باوەڕەی خەڵکە لەو دینەی یا ئایینەی خودایە (یەزدان)وە چۆنیەتی هەڵسوکەوت چەندی ئیلتیزام پێوە دەکەی یا جێبەجێی دەکەی ...ئەگەر هەردوو زاراوەکە نەبیتە رێگر لە ئازادی بیرکردنەوە ، ئەوە مرۆڤ گۆڕەپانی مێشکی فراوانە چۆن بیریان لێدەکاتەوە...جارانی زوو بەر لە شۆڕشی پیشەسازی ئینگلیستان و شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە رووسیا ، کەنیسە و کەسانی لێپرسراوی کەنیسە قەشە و پاپا و ئەمانە دەوری زۆر خراپیان دەبینی بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵگا ، هەمووی لەپشتی ئایین یا بەناوی ئایین ئەنجام دەدرا...ئایین هەردەم رێگر بووە بۆ پێشکەوتن و بۆ بەرەوپێشەوە چوونی شۆڕش...نموونەی ئێستاکە زیندوو، ئەگەر هەر کەنیسا لە ئەوڕوپا حوکمران بوایە ،ئەو ئەوروپایە ئاوا بەروە پێشەوە دەچوو ، یا مافی مرۆڤ بە هەموو کەموکوڕیەکانیەوە ئاوا دەپارێزرا..نەخێر و هەزارجار نا...جا ببینە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران کەوتە کوێ کوا توانیان ئەو زۆریە بچەسپێنن کە لەسەرەتاوە هەوڵیاندەدا جێبەجێی بکەن ، خەڵکی لە بێزاری رژێم رادەکا...یا لە سعوودیای عارەبی کە بنکەی ئیسلامە و جێگای پیرۆزی موسڵمانانە و گۆڕی پێغەمبەری تێدایە کەچی خەڵکی داوای شتی تر دەکەن...یا ئیمارەتەکەی تالیبان ، کە دەسەڵات هەموو گەنجی ریشدار کردبوو خۆ هەر کە ئازاد بوون لە دەستی ئەمیر مەلاعومەر، خەڵکی جارێ زوو چووە لای سەرتاش ریشەکەی تاشی ، کچان سەریان قۆتکرد،ئێستاکە رەنگە بەقەدەر کاتی تالیبان خەڵک ریش دابنێ بەڵام بۆ جوانی بێت یا بۆ دینداری بێت ئازادانەترە...ئەوەی توندیبێت کەمتر سەرکەوتن بەدەست دەهێنی یا رەنگە ماوەکەی کەم بێت ...ئەو باسە زیاتر هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەوانەش بدرێتەوە ئایا دینەکە بە چاکی جێبەجێ کراوە یان هەریەکە بۆ مەبەستی خۆی جێبەجێی دەکات...صدام حسێن لەگەڵ ئەو هەموو کارە دڕندانەی بە قورئانەوە هاتە ناو دادگا، داخوا چەند مێشک نەفام و ژەنگاوی پیرۆزی ئەو مرۆڤە دڕەندیە بەو چاوە سەیری دەکەن کە ئیماندار و دیندارە...

ئەگەر باسی شێخ مەحموود و قازی محەمەد و مەلامستەفای بارزانی بکەین دەبێ یەکەم جار ئەوانە بناسین کە هەرسێکیان مرۆی دیندار بوون ، بەڵام بە شارەزایی بێت یان هەر ئاوا خرۆسکی بێت ، زانیاریان هەبێت یا نەبێت کە ئایین رێگرە لە بەرامبەر شۆڕش ، داوای شۆڕشەکی ئایینیان نەکرد ، هیچ داوایان بۆ سەربەخۆیی ئایینی ئیسلام نەبوو بەڵکو بۆ ئازادی و رزگاری میللەتەکە و خاکەکە بوو کە کوردستانە ، هیوادارم شارەزایان زیاتر ئەو باسە بکەنە سەرنج و جێگای گفتوگۆ بۆ ئەوەی سوودبەخش بێت ، چونکە گەلەک بابەتی تازە هەڵدەگری کە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە...من پێم خۆشە ئەوانەی شارەزای ئایینن با بەرنامەی حیزبەکەیان یا باوەڕەکەیان بخەنە بەرباس هەتا خەڵک بزانی لەتای تەرازووی کامە بیری ئایینیە...لە ئەڵمانیا حیزبی مەسیحی گەورەیە بەڵام بەقەدەر ئایینی مەسیحی نیە لە ئەڵمانیا...بە زەحمەت لە دەنگداندا سەرکەوتنی یەکەم بەدەست دەهێنی...لە میسر موسڵمان زۆرە بەڵام {الاخوان المسلمين} چارەکی خەڵکە موسڵمانەکەی لەگەڵ نیە...لە ئێران ئێستاش هەموو خەڵک لە بەهەشتی ئەو کۆمارەئیسلامیە کەیف خۆش نین ، ئەگەرچی موسڵمانیشن..لە ئیسرائیل کە ئایینی یەهودی بناخەکەیتی و گەلێک حیزبی دینیشی هەیە کەچی هەموو یەهوودیەک لەگەڵیان نیە باوەڕی بە دەوڵەتی یەهوودی مەزهەب نیە ...هتد . مامۆستا هادی لە کتابە بەنرخەکەی شخصيات غير قلقه فى الاسلام لە لاپەڕە 12 ــ 32 باسی سەلمان فارسی {سلمان الفارسى} دەکات و گوایە ناوی خۆی (روزبه الاصفهانى)بووە...من لەو کتابە زیاتر شارەزای ئەو ئەصحابەیە بووم... مامۆستا یەکەم بابەتی لێکۆڵینەوەی ساڵی 1962 بەناوی {اضواء على معضله الكنز، اقدم محاوله لتحريم التملک الخاص فى الاسلام}بڵاوکردەوە...دوا بەرهەمیشی بۆ گۆڤاری الثقافه الجديده ناردووە بەناوی {احكام المرتد فى الاسلام}لە ژمارەی 287ی اذار- نیسان 1999 لە لاپەڕە 20-26

لەهەمان گۆڤار بڵاوکراوەتەوە... مامۆستا هادی(ابو الحسن) ساڵی 1932 لە بەغدا لەدایک بووە ...لەساڵی 1950 قوتابخانەی ئامادەیی تەواو کردووە... لە ساڵی 1955 دانشگا بەشی بازرگانی و ئابووری تەواو کردووە...لە ساڵی 1976 ناچار بووە وڵات بەجێ بهێڵێ و لە چین و لەندەن و قوبرس و بەیرووت و دیمەشق ژیانی غوربەت و ئاوارەیی بردۆتە سەر...لە ساڵی 1998 دڵە گەورەکەی لە دیمەشق لە لێدان کەوت . نووسەری گەورە هادی عەلەوی دۆستەکی هەرە بە وافا و چاکی کورد بوو ،هەردەم پشتگیری لە نەتەوەی کورد و کوردستان دەکرد...مامۆستای هەردەم زیندوو هادی عەلەوی بۆ کارەساتی هەڵەبجە ، ساڵی 1988 ئەو نامە پیرۆزەی بڵاوکردەوە کە بووە دەنگدانەوە لەناو نووسەران ، رۆژنامەی (السفیر)لوبنانی لە 1988/9/23 دەقی نامەکەی بڵاوکردەوە...منیش بەشی دوایی نامەکە لێرە دەنووسمەوە:{{{براءه ...الی اطفال کردستان ایها الطفل الکردی المحترق بالغاز فی قریته الصغیره ، علی فراشه او فی ساحه لعبه هذه براءتی من دمک اقدمها لک . معاهدا ایاک الا اشرب نخب الامجاد الوهمیه لجیوش العصر الحجری . ولا امد یدی الی واحد من انظمه العصر الحجری اقدمها لک علی استحیاء ینتابنی شعور بالخجل منک ویجللنی شعور بالعار امام الناس انی احمل نفس هویه الطیار الذی استبسل علیک ولیت الناس اراحونی منها حتی یوفروا لی براءه حقیقیه من دمک العزیز . انا المفجوع بک . الباکی علیک فی ظلمات لیلی الطویل . فی زمن حکم الذئاب البشریه الذی لم نعد نملک فیه الا البکاء . اقبلها منی ایها المغدور فهی براءتی الیک من هویتی .}}}

## بەرهەمە بەنرخەکانی هادی عەلەوی پیرۆز :

1/ فصول من تاریخ الاسلام السیاسی . 479 لاپەرەیە.

2/ مدارات صوفیه. 264 لاپەرەیە.

3/ فصول عن المراه. 183 لاپەرەیە.

4/ کتاب اخبار الحلاج. 96 لاپەرەیە لەگەڵ اکرم انطاکی و فائق حویجه.

5/ المستطرف الصینی (من تراث الصین) . 336 لاپەرەیە.

6/ کتاب التاو ترجمه ودراسه 272 لاپەرەیە.

7/ شخصیات غیر قلقه فی الاسلام 265لاپەرەیە.

8/ من تاریخ التعذیب فی الاسلام 77 لاپەرەیە.

9/ الاغتیال السیاسی فی الاسلام 164 لاپەرەیە.

10/ فی السیاسه الاسلامیه 156 لاپەرەیە.

11 من قاموس التراث 238 لاپەرەیە.

12/ دیوان الوجد فیوضات الحب الالهی 147 لاپەرەیە.

ئەو بەرهەمانەی خوارەوەش بەرهەمی مامۆستا هادی عەلەوی یە کە من نیمە.

نظریه االحرکة الجوهریة عند الشیرازي (دراسه فی ثوره الشیرازی الفلسفیه) .

المستطرف الجدید (منتخبات من تراث الاسلام)

**الرازي فيلسوفا .**

**محطات في التاريخ والتراث .**

**المرئي واللامرئي في الأدب والسياسة .**

**قاموس الإنسان والمجتمع .**

**قاموس الدولة والاقتصاد ,**

**قاموس العلوم والصناعات .**

**ديوان الهجاء .**

**من لزوميات المعري.**